# خەلكی وڵاتی یەمەن عاشقی چەك‌و ئەفسانەكان



ئا: هێرۆ شوکر

لێت تێکنەچێت! ئەم منداڵەی لە وێنەکەدایە، بۆ جەنگ ناچێت، بەڵکو دەیەوێت لە ڕێوڕەسمی ژنهێنانی برا گەورەکەیدا بەشداریی بکات.

(محەمەد سەعید حسێن) منداڵێکی یەمەنییەو جل‌وبەرگەکانی کەمێك بەبەری گەورەیەو خەنجەرێك لەبەر پشتێنەکەیدایە، چەکێکی لەسەر کۆشی داناوەو عەینەکێکی لە چاودایەو جامانەیەکیشی بە سەرییەوە بەستووە، هەموو ئەمانە بۆ ئەم منداڵە نیشانەی ئەوەن کە خۆی بۆ بەشداریکردن لەمەراسیمێکدا ئامادەکردووە.

خەڵکی یەمەن عاشقی چەکن، دەڵێن لەم وڵاتەدا کە (17) ملیۆن کەسی تێدا دەژی، نزیکەی (50) میلۆن چەك هەیە. لە یەمەن فرۆشتنی چەك ئازادەو بازاڕی گەورە گەورەی فرۆشتنی چەك‌و پارچەکانی هەیە، بۆ نموونە چەکی (کلاشینکۆف) بەشێکی سەرەکییە لەو جلوبەرگەی خەڵکی ناوچە شاخاوییەکان دەیپۆشن.

یەمەن سەرزەمینی عەشیرەت‌و توندوتیژی‌و جەنگەکانە، زۆر جار دەوڵەت هێڵەکانی تەلەفۆن دەپچڕێنێت تاکو عەشیرەتەکان لە کاتی ناکۆکی‌و جەنگدا سوودی لێوەرنەگرن‌و پەیوەندییان پێکەوە ببچڕێت، کەچی لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا خەڵکانی ئەم وڵاتە کە تیرە تیرەن، یەکێتییەکی باشیان هەیەو یەمەن‌و وڵاتێکی یەکپارچەیە.

یەمەنییەکان پێستیان ڕەشەو کورتە باڵان‌و زۆربەی ناوچە شاخاوی‌و بەرزەکان چەقی ژیانی عەشیرەتە جیاوازەکانیشە.

ئەم عەشیرەتانەش لە تەواوی ناوچە خوارووەکانی یەمەندا بڵاوبوونەتەوە کە شاخی زۆر بەرزو سەختیان تێدایەو (محەمەد سەعید حسێن)ی منداڵیش خەڵکی ئەم ناوچانەیەو (سەنعا)ی پایتەختەیش لەلای ئەم شاخە بەردینانەوە بنایتنراوە کە لەسەر بناغەی یەکێك لە ئەفسانە کۆنەکان ئەوە ئاشکرا دەکرێت کە شاری (سەنعا) کوڕە گەورەی حەزرەتی (نوح) دروستی کردووە، هەروەها شتێکی‌تر کە زۆر سەیرو سەمەرەیە ئەوەیە خەڵکی وڵاتی یەمەن گەڵای درەختێك دەجوون ناوی (قات)ەو ئەم گەڵایە زۆر بایەخی پێدەدرێت‌و زۆرێك لە خەڵك بۆ پەیداکردنی پارەیەکی زۆر سەرفدەکەن، خەڵکی یەمەن لەو باوەڕەدان ئەم گەڵایە تایبەتمەندێتی دەرمانیی زۆری هەیەو لە ئەفسانە کۆنەکاندا واهاتووە کە یەکەمجار بە هۆی شوانێکەوە دۆزراوەتەوەو بە خەڵکیی ناسێندراوە، ئەویش دوای ئەوەی بزەنەکانی ئەم شوانە کە بردوونی بۆ لەوەڕ لەم گەڵایەیان خواردووە هەستی کردووە نهێنییەکی تێدایە بۆیە شوانەکە خۆی ئەم گەڵایەی خواردووەو تاقیکردۆتەوە، سەرەنجام ئەوەی بۆ ئاشکرابووە کە دەتوانێت بە خواردنی ئەم گەڵایە بۆ ماوەیەکی زۆرتر بەئاگابێت.

یەکێکی‌تر لە ئەفسانە کۆنەکانی یەمەن سەبارەت بەشتێکی سەیرە کە لە یەکێك لە گوندە دوورە دەستەکاندایە، ئەم شتە سەیرەش لە شێوەی (کۆپتەر)ێکدایە کە لە ڕاستیدا لە پارچەی لۆرییە کۆن‌و بەجێماوەکاندا دروستکراوەو وا نایەتە پێش چاو توانای فڕینی هەبێت، کەچی خەڵکی ئەو ناوچەیەی ئەم شتەی لێیە وەك یادەوەرییەکی ڕۆشن‌و بێ دوو دڵیی باس لە فڕینی دەکەن‌و پیرەمێردێك بە دڵنیاییەوە باس لەوە دەکات کە تەنها یەکجار ئەم (کۆپتەرە) ئەفسانەییە نزیکەی (40) مەتر لە زەوی بەرزبۆتەوەو ڕاستەوڕاست نیشتۆتەوە.

سەرچاوە: پاشکۆی (دوو چرخە)

## ڕەهەند

## سکرتیری گشتی زەوی..!

مەریوان عەلی

ڕەنگە سەیر بیت کەسیك هیندە خۆی پی گەورە بیت خۆی بە "بەریز سکرتیری گشتی زەوی" بزانیت، بەشیوەك پییوابیت ئەو خاوەنی ئەم ئازادییەی ئیستاو حکومەتەکەیەتی، لەکاتیکدا نەرۆژێ خاوەنی هەلویست بووەو نەچرکەك لە دلی خۆیدا لە دەسەڵاتی پیش ئیستا یاخی بووە..!

لەم رۆژانەی رابردوودا کاتیك لەگەڵ هاورییەکمدا لە گفتوگۆیەکی لەم چەشنەدا بووین، ئەو پیی وتم ڕەنگە ئەوەی تۆ باسی دەکەیت کەمیك ئاساییتر بیت لەوەی من دەمەویت پیتی بلیم.. وتی ئیمە لە کارەکەماندا هاورییەکمان لەگەلدایە وەك ئیوە دەلین خۆی بەسکرتیری گشتی زەوی دەزانیت.. وتی ئەو هاورییە گەر بۆی بلویت لەساحەی عەرەزاتدا کۆمان دەکاتەوە تابزانیت هەریەك چۆن لەمالەوە هاتووینەتە دەرەوەو دوینێ دوای دەوام لە کوێ بووین..! بەلام ئەوەی سەیرترە ئەوەیە ئەم برادەرە هەمیشە باس لەو جۆرە کەسانە دەکات‌و بەکەسانی نەخۆش ناویان دەبات.! بۆیە ئیمە ناومان ناوە باوکمان، هەموو ڕۆژێك کە دێتە لامان دەڵێین ئەوە باوکمان هات. لەوەش سەیرتر ئەوەیە ڕۆژێك باسی ئەوروپامان دەکرد، بەلام لەپڕا باوکمان شین‌و مۆر بۆوەو عەینەکەکەی داکەندو وتی: بابە ئەوروپای چی؟ نەکەن بیر لە خاریج بکەنەوە ئێمەو خاریجیان کوا وتووە. بەلام قسەکانی تەواو نەکرد کە لەپڕدا برادەرێك هاتە ژوورەوەو وتی توخوا ئەو تەلەفونە جوان دابخەرەوە ئەوە براکەت لە ئەسیناوە لەسەر خەتە..!!

گەرچی من بۆ خۆم دلنیام هەریەك لە ئیمە لەم جۆرە کەسانە دەناسین، بەلام ئەوەی ترسینەرە ئەوەیە گەر هەریەك لەو بەریزانە شەر لەسەر کورسی بەریز سکرتیری گشتی زەوی بکەن، ئەم دنیایە چی بەسەر دیت..؟

ئەوەی نائاساییشە ئەوەیە چۆن من بەئازادیی لە دایکبووم‌و دەشمەویت بەئازادیی بژیم، بەلام نەمەویت تۆ ئازاد بیت! من دەتوانم بلیم تۆ هیندە ئازادیت تا ئازادییەکانی من نەشیوینیت..

رۆژگاریکی سەیرە گولم.. ئیمە هەموو داوای ئازادیی دەکەین‌و ریگاش لەئازادی کەسانی تر دەگرین.!